# بیرۆکەیەکی نەکردەنی بۆچارەسەری کێشەکان

**د.هەژار مەعروف**

ئەوەی ئیمڕۆ بەوردی  لە بار و دۆخی کوردوستان تێگەیشتوە دەزانێت کە لەناو کۆمەڵانی خەڵک دا جۆرە وەڕسی و بێزاری و بێبڕوایی و بێئومێدیەک بە ئێستا و ترس لە پاشەڕۆژ پەرەی سەندووەو هەمو توێژەکانی کۆمەڵی گرتۆتەوەء بەتوێژی دەسەڵاتداریشەوە. بێهودەیی (Nihilisim) و ڕەشبینی خەریکە کۆمەڵی کوردوستان توشی ئیفلیجی دەکات و پرزەی لێدەبڕێتء بریا ئێستا 1000 کەس لە کوردوستان پرسیاریان لێبکرایە ءئایا چەندیان ئامادەن دەنگی خۆیان بدەن ئەگەر ئیمڕۆ لە کوردوستان پەرلەمانێکی نوێ هەڵبژێردرێ!؟ ئێستا لە کوردوستان گەلێک باوی نوکتەیە و نوکتەکانی ڕۆژانە ئەوەندە نوێن کە هەڵمیان لێهەڵدەستێت و هەندێکیان خۆش و بەهێزوناوازەن.من بەشێکی ئەم مۆدەی نوکتەیەش  وەک دەرهاوێشتە و ئەنجامی ئەم وەزعە سیاسیەی باشور دەبینم.نوکتەکان  ئەو دەرو و ڤێنتیلانەن کە ناهێڵن پەستۆ و گوشین و ڕەپی و گرژی و هەڵاوسان و پەنگخواردنەوەی  ڕق و کینە و دوژمنایەتی و کێبەرکێ ناپاکەکان و داخی دڵی چەوسانەوە .... تەقینەوەی گەورەیان لێبێتەوە. دەڵێن جەمال عەبدولناسری سەرۆکی پێشینی میسر گرنگییەکی تایبەتی دەدا بە تایبەتی بە نوکتە سیاسیەکان و بە جیدی وەری دەگرتن. لە مانگی 5 ی ئیمساڵدا بە سەردان بۆ 3 هەفتە لە کوردوستان بومء کە گەڕامەوە ئەڵمانیا و چومە سەر کۆمپیوتەرەکەم بابەتێک لە سەر کوردوستان بنوسم. بەڕاستی دۆشدامام و وەک دەڵێن دەمم بوە تەڵەی تەقیوء ئاخر دەربارەی چی بنوسم؟ نوسین و وتن و نیشاندانی  ڕاستی و وێنەکان و ڕێپۆرتاج و ڕادیۆ و تەلەفیزۆن و کۆڕەکان و ماڵپەڕە زۆروزەوەدەکان کە هەرهەمو ئەمانە بابەتێک نەماوە چەندین جار تاو وتوێ و شیتاڵ َشیتاڵێ نەکەن ء ئاخر کە هەرهەمو ئەم ڕەخنە و هەڵوێست دەربڕینە و هاوار و هانا و تکا و نزایەو تەنانەت سوتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کیمیایی هەڵبجەش و خۆپیشاندانەکانیش وەک نەخش و بڵقی سەر ئاوی لێدەرچو ء بەو مانایەی کە نەیتوانی  گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیان وگوزەرانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردوستان بکات وء وەڵامی گۆڕانکاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لە پینەکردن و سڕینەوەی پەڵەی خەوش و ڕیسواییەکانی تێنەپەڕاندء ئیتر نوسینی چی و چی بنوسی؟

واپتر لە ساڵێک بەسەر یەکگرتنەوەی  حکومەتی پارتی ویەکێتی تێپەڕی کرد  کەچی هێشتا لە بری ڕۆحی دەسگاو حکومەت و ئیدارەی مۆدێرن ء ڕۆحی حیزبایەتی بەسەر زۆربەی دەسگاکاندا زاڵە. ئەوەی پێی دەڵێن کۆڵەکەکان و بناغەی  ژیان کە  ژێرخانی کۆمەڵ و وڵات پێکدێنن : ڕێگەوبانی پان و قیرتاوکراو و پردی تۆکمەء ئاوی پاک و بەردەوامء کارەبای 24 سەعاتی ء کشتوکاڵی خۆماڵی کە زۆربەی پێویستیە خۆراکیە بنەڕەتیەکان تێربکاتء سایلۆ و گەنجینەی مۆدێرن بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی دانەوێڵە و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ترء دەرمانی باش و پێوستیە پزیشکی و تەندروستیە مۆدێرنەکان ء ئاوەدانکردنەوەی شیاوی گوندەکانی کوردوستان ....ء کێشەکانی پەروەردۀء ئیدارەی شێواو و بیرۆکراتی ئیفلیجکەرء گەندەڵی و  کۆچ و ڕەوی گەنجان ء داد (مەسەلەی فایلدارەکان) ء کەرکوک ء کارەساتی  ژنکوشتن  ....... ئەمانەو گەلێکی تریش . ئومێدمان وابو بە تێپەڕبونی یەک ساڵ بەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارەی  هەولێر و سلەیمانی ء هیچ نەبێت ئاسۆیەکی ئەرخەوانی لەم شەوە تاریک ونوتەکەدا بۆ خەڵک دەربکەوێت.

وا بۆیەکەم جار لە ئەزمونی نوسینمدا منیش پەنا بۆ خەیاڵ و فەنتازیا دەبەم و ء بۆ چارەسەرکردنی

کێشەکانی کوردوستان ئەم پێشنیازە پێچەوانەیە (Paradox ) ی خوارەوە دەکەم:
با دەسبەجێ پەرلەمان و حکومەتی یەکگرتو هەڵبوەشێنرێتەوەء پارتی و یەکێتی پەرلەمان و ئیدارەی خۆیان لە شوێنەکانی پێش یەکگرتنەوە دروستبکەنەوە. لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناوچەکانی یەکێتی شڕتر ونالەبارترەء با باڵی ڕیفۆرمی ناو یەکێتی (نەوشیروان مستەفا) لە دوساڵی یەکەمدا دەرفەتی دەسەڵاتی سیاسیی بدرێتە دەست ولە سەر زەویی واقیعی کوردوستان شانسی خۆی تاقیبکاتەوە و دو ساڵەکەی دوهەمیش دەسەڵات بدرێتە دەست باڵەکەی تری یەکێتی کە لە سایەی مام جەلال دا حوکم دەکات، ئیتر سلەیمانیش لە قەزاوە جارێکی تر نەک هەر دەبێتەوە بە شار بەڵکو بە پایەتەختێکی هاوشانی هەولێر و خەڵکی سلەیمانیش ڕزگاریان دەبێت لەوەی بۆ ئیمزایەکی سادە بڕۆن بۆ هەولێر !
ئینجا لەبەر ئەوەی مەسەلەی کەرکوک و خانەقین و مەخمورو سنجار بەرەو بنبەست دەچێت و پیادەکردنی یاسای 140ی دەستوری عێراقی کەوتۆتە قوڵایی گەروی شێرەوەء با دەمودەست پارتی و یەکێتی لەسەر بەرنامەیەکی عەمەلیی کۆنکرێتیی ورد و ژێر ڕێکبکەون بۆ گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر بۆ هەرێمی کوردوستانء لەبەر ئەوەی ئەم کارە لە هەموی سەختترەو پێوستیی بەو کەسایەتیە جەربەزە و ئازایانە هەیە کە لەسەر ئەرزی واقیع زۆربەی خەڵک بەگوێیان دەکەن و لایەنە ناکوردیەکانی عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و ئەمریکی و دراوسێکانی عێراقیش حیسابی تایبەتیان بۆ دەکەنء خاوەنی کەسایەتیی ئاوا بێگومان هەر کاک مەسعود و مام جەلالە . ئەم دوانە و یاوەرەکانیان دەتوانن پێکەوە جۆرە حکومەتێکی یەکگرتوی نهێنی بۆ ئەو ناوچانە دروستبکەن ء کە بێگومان هەموکورد ( ئەوانەی پارچەکانی تریش) بۆ کارێکی ئاوا شوێنیان دەکەوێت. با 2 ساڵی سەختی یەکەم کاک مەسعود سەرۆکی بێت و قورسایی هەمەلایەنەی خۆی و بنکەی سەرۆکایەتیەکەی لە سەلاحەدینە وە بگوێزێتەوە بۆ ناو کەرکوکء بەم جۆرە هەولێر و دهۆک یش بۆ کاک نێچیرڤان تەخت دەبێت و ئەو شوێنانە لە دوو دەسەڵاتی ڕزگاریان دەبێت!.مام جەلالیش چونکە لە بەغداد سەرگەرمی سەرۆک کۆماریەکەیەتی و پیر و کەمێکیش نەخۆشەء با لە دوساڵی یەکەمدا ڕاوێژکاری سەرۆک مەسعود بێتء بەو هیوایەی هەر لە 2 ساڵی یەکەمدا کێشەکە بەدڵی کورد چارەسەربکرێت و ئەو لە دوساڵی دوهەمدا پێویست نەکات ئەو ئەرکە قورسە بخاتە سەر شانی ماندوی خۆی. 4 ساڵی تەواو ئیدارەی جیای پارتی لە هەولێر و دهۆک و ئیدارەی جیای یەکێتی لە سلەیمانی کاتیان هەیە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان چاکسازی خۆیان بکەن و بکەونە چارەسەری جیدی کێشەکان . 4ساڵی تەواو ـ ئیتر گرنگیش نیە ئەگەر ئەمریکا دواخستنی پیادەکردنی یاسای 140 ی بەسەر کوردا سەپاند ـ مام جەلال و کاک مەسعودء هەمو کورد لە پشتیان ء کاتیان هەیە بە زیرەکی و حیکمەت و ئەزمون و ئازەیەتی و سەنگینیی نێونەتەوەیی کەسایەتیەکەیان کەرکوک و ناوچەکانی تر بگێڕنەوە سەر هەرێمی کوردوستان. ئینجا دوای 4 ساڵ خەباتی سەخت و شێلگیرء مرۆڤی کورد دەتوانی بە هەر پێنج ئەندامی هەستی خۆی ( بینین ء بیستنء چێژتنء بۆنکردن ء دەستلێدان) هەستێکی هەمەلایەنە و گشتگیر و ڕاستەقینەی ء دور لە مەرایی و ماستاوء بە ئەنجامی کارەکانی ئەم دو حیزبەبکات بە وردبونەوە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە ناوچەکانی پارتی و یەکێتیداو لە ناوچەکانی کەرکوک و سنجار و مەخمور وخانەقینء کە چی گۆڕانێکی بەسەر هاتوە لە هەمو ئەو بوارانەی سەرەوە باسکراء لە پێشی هەمویانەوە لە بوارەکانی ژێرخانی کۆمەڵ ( ئاوء کارەبا ء خانوبەرە ءپەروەردە وخوێندن خزمەتی پزیشکی ء کار....)ء کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هەمو کۆمەڵەوەء بەتایبەتی چینە نەدار و هەژارەکانء هەیە. ئاخر کۆشکی چەندنهۆمی و ئوتێلی 5 ئەستێرەیی شیراتۆنی لە وڵاتێکدا کە

کەرەسە و دەستاویێژە بنەڕەتی و هەرە سەرەتاییەکانی ژیان هێشتا دابین نەکراوە و بۆ ئایسکریم و میوە و سەوزەش دەبێت دەستی سواڵ لە دراوسێ داگیرکەرەکانمان پانبکەینەوەء وەک ئەوە نیە تۆ ئەسپ لە کلکەوە لەغاو بکەیت ! ئینجا دوای ئەو 4 ساڵە دەتوانرێت پەرلەمانێکی یەکگرتو بۆ کوردوستان بە کەرکوک و ناوچەکانی تریشەوە هەلبژێردرێ و لەمیشەوە حوکومەتێکی یەکگرتوی ڕاستەقینە پێکبهێنرێت.

2007/06/10